www.kurdistannet.org
21-7-2006 12:27  بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یاڵڵا ئەکرین ئەفرۆشین! ... تەرزە جاف



لە ساڵی 2000 کاتێک بۆ ئیشی دکتۆر چوومە بەغدا لەوی لە ماڵە خزمێک بووم نزیکەی شازدە ساڵ بوو لە بەغدا نیشتەجی بووبوون،
ئەوان ماڵێکی دەوڵەمەند بوون و سەرمایەیەکی زۆر و زەبەنەیان لەوی بەگەڕخستبوو کەچی تەنانەت ماڵەکەی تێیدا دەژیان بە ناوی پیاوێکی عەرەبی ناسیاویان بوو:
لەبەر ئەوەی کورد بەهیچ جۆرێک بۆی نەبوو لەناو بەغدا موڵکی بە ناوبێت!

***

پیاوێکی ناسیاومان کەکوردی خانەقینە لە سەرەتای هەشتاکانەوە لە عەسکەری فیراری کردووە دووساڵ لە شاخ بووە و دواتر گەیشتوەتە تاران و تا ئێستا لەوێ دەژی، شانزە ساڵە ژنی هێناوە ئەگەرچی ژنەکەی خەڵکی تارانیشە کەچی تا ئێستا نە ((عەقد زەواجی)) رەسمی هەیە و نە منداڵەکانیشی شناسنامەی تەواویان بۆ کراوە لە بەر ئەوەی:
((لە ئێران ئەو کچەی شوو بە پیاوێکی غەیرە ئێرانی بکات لە هەموو مافێکی هاووڵاتی بوون بێبەش دەکرێت و ووەک پەناهەندەیەک مەجبوورە بژی)) !
ئاشکرایە کە هەموو حکومەتێک و هەموو دەسەڵاتێک ستراتیژیەتێکی دووری هەیە بۆ پاریزگاری کردن لە رەسەنایەتی خاک و گەلەکەی، ئێران کاتێک رێگە لە شووکردنی کچەکانی خۆی دەگرێت بە خەڵکی بێگانە ووەک ئێمەی کورد کچەکانی بە کەنیزەک نەفرۆشراونەتە دراوسێکان و لە مەلهاکانی وولاتێکی ووەک میسر دا بازرگانی بە لەشیان ناکرێت..
کوردە دەوڵەمەندەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک پارەکانی خۆیان دەدا بە شانیانا و دەچوون لە بەغدا دەیانخستە گەڕ، کەچی هێشتا یاسای عیراقی رێی لی دەگرتن تاقە خانوویەکیش تاپۆ بێت لە سەریان، ئەمەش لە کاتێکدا کە لە بەغدا نە تەرحیل هەبووە و نە ((تەکرید)) و نە ئەنفال و نە دەشزانن ماڵی عومەری خاوەر لە کوێیە!!
هیچ یەک لەم نەتەوانە بە قەد کورد دەرد و مەینەتی و هەوڵی داپڵۆسینی مۆرکی نەتەوەیی و تەعریب و تەبعیس و ئەنفال و هەڵەبجە و.... هتد ی نەدیوە و کچەکانی بە تاڵان نەفرۆشراون بە مەلهاکانی میسر تا ئەو میسریانەی جاران لەبەردەرکی سەرا سەموونیان دەفرۆشت و هاواریان دەکرد ((گێرمە سەموووون وەحە)) ، بتوانن سواریان بن!!!
ئێمەی کورد نەک تەنها بازار و سوپەرمارکێت و ریستۆرانتەکانمان لی حەرام بووە بە هۆی عەرەبەوە بەڵکو شەقڵاوە و بیخاڵ و دوکانیشمان لی بۆتە زەیوونە و فەللوجە
کەچی لەم قۆناغە هەستیارەدا پەرلەمان و حکومەتە کوردیەکەمان لە هەنگاوێکی ((کوردانە)) دا یاسایەک پەسەند دەکەن کە بیانی بتوانێت موڵک و خاک لە کوردستان بکرێت،
ئەمە بۆخۆی چەند لێکدانەوەیەکی هەیە، لە هەموویان خراپتر ئەوەیە کە دوور نیە لە ئاییندەدا ماڵەکەی عومەری خاوەر بکرێتە مەلەوانگەیەک بۆ نەوەکانی سەدام حسێن...
لە هەمووشیان خۆشتر ئەوەیە کە وایپێدەچێت ئەم دەسەڵاتە هەرزەکارەی ئێمە بۆ خۆشی درکی باش بەوە کردبێت کە ئەگەر ئێستاش مانەوەی لە سەر کورسی دەسەڵات بۆ بلوێت لە ئاییندەدا بۆی نالوێت و رۆژێک دێت تەنها پارەی بۆ بمێنێتەوە بۆیە ئێستا جورئەتی ئەوە دەکات کوردستان بخاتە مەزادەوە، ئەمەش لە کاتێکدا دێت کە هیچ گرفتێکی پەیوەند بە کەرکوک و تەعریب چارەسەر نەکراوە و لە هەموو کاتێک زیاتر کورد پێویستی بەوە هەیە کە ستراتیژیەتێکی هەبێت ووەک هەموو حکومەتە ((راستەقینەکان)) و لە هەموو کاتیش زیاتر پێویستی بە:عەقڵێکە شەرمەزاری مێژوو و نەوەکانی داهاتووی نەکات!